# دۆرانی حزبەکەی بۆش و فریوکاری بەرپرسانی پارتی و یەکیتی ..!

## (سەبارەت بە ئاکام و کاریگەریەکانی هەڵبژاردن لە ئەمریکا)

**(موزەفەر عەبدوڵا)**
mozafar_as@yahoo.co

هەفتەیەک لەمەوبەر پرۆسەی هەڵبژاردنی نیوەیی کۆنگریس و ئەنجومەنی پیران لە ئەمریکا بە سەرکەوتنی حزبی دیموکرات و دۆراندنی حزبی جمهوری بە سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆشی کۆتایی پیهات.بێگومان ئەم هەڵبژرادنەش بە زۆر شیوە وەک هەڵبژاردنەکانی تر، بە سازدانی هەراو هوراو سەماو دروشمی بریقەدارانە، لە هەموو ئاستەکاندا بەریوە چوو.بەڵام دوو خاڵی گرنگ کە لەم هەڵبژاردنەدا لەوانی تر جیاواز بوو، ئەوەبوو :یەکەم ، قورسایی کەمپەینی پروپاگەندەیان لە دەوری بارودۆخی عیراق و سیاسەتی ئەمریکا و شکست و مانەوەی هیزی سەربازی چەقی بەستبوو، کە لەسەرو بەندی هەلبژرادن ،جۆرج بۆش و حزبەکەی بە زۆر شیوە باسیان لیوەدەکرد.وە بە ئاشکرا عیراق وەک زەلکاویک نیشان دەدرا کە تیی کەوتوون و خەریکە تیایدا دەخنکین.هەر بۆیە پیش هەڵبژرادن بۆ ئەوەی بەر بەم خنکانە بگرن پەلەقاژەیان دەکرد کە دەبیت ئەمریکا شیوازی مەلە کردنی، یانی تاکتیک و تەنانەت پیویستی کرد ستراتیژیش، لە عیراق بگۆرن ،.خاڵی دووم: نای ئاشکرای خەلک بوو بە سیاسەتی شەرخوازی دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا.یانی ئەگەری چی بە روالەت وا دیار بوو کە خەڵکی دەنگیان بە حزبی دیموکرات داوە بەڵام لە راستی دا لە نەبونی بەدیلی رادیکالی دژی شەر ناچار خەڵک دەنگیان بە دیموکراتەکاندا.لەبەرئەوەی حزبی دیموکرات خۆی بە سیاسەتی دژی شەری جۆرج بۆش نیشان دەدا. بۆیە لە راستیدا دەنگ دانی خەڵک بە پیی ئەو چاوپیکەوتنانەی کە کراوە لە ئاستی شەقامدا دەنگ دان نەبووە بە دیموکراتەکان کە گوایە ئەوان ئاسمان و ریسمان جیاوازن لە حزبی جمهوری ، نەخیر بەڵکو خەڵک دەنگی داوە لە دژی سیاسەت و مەرامی شەرخوازانەی بۆش و حزبەکەی و هەر حزبیکی تر کە بە نیازە هەمان سیاسەتی ئەمان پیاە بکات. لەم روانگەیەوە ئاکامی ئەم هەڵبژرادنە و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا بە گشتی کاریگەری جدی دەبیت لە هەموو لە ئاستی عیراق و ناوچەکەو جهان.وە ئەم حوکمە بەر لەوەی قسەی بەرەی ئازادیخوازی دژی دەستەی فەرامانرەوای ئەمریکا بیت قسەی خودی سەرانی هەردوو حزبە.وە هەردولایان بە ئاشکرا رادەگەیەنن ئەگەر هەر حزبیک ئەمریکا بەریوە بەریت پیویستە ستراتیژی سیاسی بە تایبەتی لە عیراقدا بگۆری..

بە عەمەلی ئەمەبووە هۆی دۆرانی حزبەکەی بۆش و دەرپەراندنی رامسفیلدیش لە لایەن بۆشەوە، کە ئەندازیاری جەنگ بوو لە عیراق یەکەمین نیشانەکانی ئەم دۆرانە بوو. ئیستا بە چری قسە لەوە دەکەن کە دوای رامسفیلد سەرەی سیبمولەکانی تری جەنگ خوازانی دیتە

پیشەوە بەر لە هەلبژرادنی سەرۆکایەتی کە وا پی دەچیت زەلمای خەلیلزاد دووم قوربانی بیت.

هەلبەت پیکهینانی دەستەو کۆمیتەی جۆراوجۆر بۆ تاقیب کردنی گرفتەکان و شیوازی چارسەرکردنیان و رزگار بونیان لەو زەلکاوەی کە تێیکەوتون لە چەشنی دەستەی جیمس بیکر و هاملتن دووبارە نمونەی بەرجەستەی هەرەس و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکایە. شکستی ئەم سیاسەتانە هۆکارو ئاکامی زۆر جیاواز و کاریگەریان هەیە کە لیرەدا زۆر جیگە مەبەست نی یە لەم نوسینە .بەڵکو ئەوەی مەبەستە لیرەدا دۆرانی بۆش و حزبەکەیەتی لە هەلبژاردن و کاریگەری ئەم دۆرانو شکستەوخۆ گیل کردن و خەڵک فریودانی رابەرانی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستانە، بە تایبەتی یەکیتی و پارتی.

لەم بارەیەوە بەر لە هەلبژراند بە چەند هەفتە گەشت و سەردانە مەکوکی یەکانی هەڵۆکانمان بە بەرچاوی خۆمانەوە دەبینی کە راستەخۆ دەهاتنە کوردستان و مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانیان دەبینی .بەڵام ئیمە تەنها خەندەو پیکەنینی سەر لیوی سەرانی ئەمریکامان دەبینی لەگەل فسەکە فسکی پشتی پەردەیان.سەردانی لە ناکاوی رایس و رامسفیلدوخەلیزادەو بەرپرسی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا نمونەیەکی بەرچاوی ئەو سەردانانە بوون.

بەلاّم ئەوەی بۆ هەموو خەڵک ئاشکرا و روونە، ئەوەیە کە ئەمریکا نە لە سیاسەتی پشتی پەردەو نە لە پیشی پەردەش هیچ کات لە چوار چیوەی تاکتیک و ستراتیژی سیاسی و عەمەلی ئیستا و داهاتوی دا نی یە کە دان بەوەدا بنیت کە خەڵکی کوردستان مافی بی ئەم لاو ئەو لای خۆیانە بۆ رزگار بوون لەو ستەمە سیاسی یەی کە دەیان ساڵە لەسەریانە بە رای خۆیان چارەنوسیان یەک لا بکەنەوە .هەر بۆیە جیابونەوەی کوردستان و پیک هینانی دەولەتیکی سەربەخۆوە نەک لە بیری بەرپرسانی ئەمریکا نەبوەو نی یە بەلکو لە خەیالی تالەبانیشدا نی یە وەک خۆی دەلیت. تەنانەت ئەم فیدرالیەتەی کە ئیستا رابەرانی ئەم حزبانە ئەوەندە خۆش خەیاڵن پیی و لاف و کەزافی پیوە لیدەدەن هەر کات لەگەڵ بەرژەوەیەکانی ئەمریکا نەیاتەوە وەک ریکەوتنی جەزایری سالی 1975 یەکی شەقی تیهەلدەداو دەی پیچیتەوە.جا خودی خولانەوەو نیشتنەوەی هەڵۆکان لە کوردستان هەمووی بۆ گرتنی نیچیری خۆیانە.ئەوەیش کە لەم ماوەیەدا زوو زوو سەردانی کوردستانیان دەکردو چاویان بە رابەرانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەکەوت جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان زیاتر شتیکی تر نی یە.

بەڵام ئەم رابەرە بە تەجرەبانەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی بە هەمو شیوەیەک لەم ئاڵوگۆرانەی کە وا خەریکە رۆژ بەرۆژ روودات ،هەر لە شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عیراق و رۆژهەلاّتی ناوەراست و جهانیش تا دۆرانی حزبەکەی بۆش و خودی بۆشیش لە سبەی رۆژی هەڵبژرادنی سەرۆکایەتی، هەم خۆ لە گیلی دەدەن و هەم خەڵکی تەفرە دەدەن لە ئاکام و کاریگەری سەلبی سیاسەتەکانی ئەمریکا.یانی بە کورتی هەر وەک چۆن بۆشی

دۆراو رامسفیلدی کردە قوربانی دۆرانی حزبەکەی لەم قۆناغە، کە نزیک ترین باوەر پیکراوی بوو لەم جەنگە، ئاواش ئەم رابەرە بە تەجرەبانە خەڵکی دەکەنە قوربانی ئەو دۆران و سیاسەتە هەرەسهینراوە لە عیراقدا.خەلکی کوردستانیش تاقی کردنەوەیان زۆرە لەو قوربانی یانەی کە داویانە بەهۆی ئەم حزبانەوەلە نیو سەدەی رابردودا هەر لەشەستەکانەوە تا ئا 31 ئابی 96...و......

هەڵبەت ئەم خۆ گیل کردن و کارە فریودەرانەیەی ئەم دوو حزبە رۆژانە لە زاری بەرپرسانیان لە تالەبانی و بارزانی یەوە بگرە تا بەرپرسەکانی خوارەوەیان بەرچاو دەکەوی و گۆی بیستی دەبین .لەم بارەیەوە لەو پروپاگەندانەی کە هەمیشە دەبیستری ئەوەیە کە گوایە بۆش و دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا هەمیشە دۆستی کوردن و سیاسەتەکانیان لە قازانجی خەڵکی کوردستاندایە...! دەیانەوی وا نیشان بدەن کە ئاڵوگۆری دەسەڵات لە نیوان حزبی جمهوری و حزبی دیموکرات هیچ لە وەزعی عیراق و کوردستان ناگۆری ...!

بەڵام لە واقعدا ئیستا رۆژبەرۆژ ئاسۆی سیاسی خەلکی کوردستان رۆشنتر دەبیتەوەو رووداوەکان دەخویننەوەو ئەنجامگیری واقعی لیٚ دەکەن ، بۆیە تەفرەدانی خەڵک ئیتر وا ئاسان نی یە.

سەرنجیک لە خویندنەوەی ئەو نوسین و ووتار و چاوپیکەوتن و قسەوباسی کۆرو کۆمەلەکان کە رۆژانە لەسەر ئەم هەڵبژاردنەو سیاسەتەکانی ئەمریکا دەنوسری و دەکری بەسە بۆ ئەوەی بزانین خەڵکی کوردستان چۆن رۆژ بە رۆژ رۆشنتر دەبنەوە لەورووداو ئاڵوگورو مەسەلە چارەنوسسازانەی ئیستاو ئایندە کە پەیوەستن بە چارەنوسی خۆیانەوە.

**نیوەی نۆڤەمبەری 2006**